**بە ڕاگەیاندنی سەرخۆش و بە حیزبی نەخۆش دەوڵەتی کوردیی پێک نایەت؟!، عارف شێخ ئەحمەدی**

www.peshmergekan.com

چەند بابەتێکم لە میدیای عەرەبیدا نووسیی و بڵاو کردەوە و داوای هاوپشتیم لە کۆمەڵەیٚ وەڵاتانی عەرەبی کردبوو بۆ درووست بوونی کیانێکی سەربەخۆیی کوردیی. بەڵام زۆر جاران کورد گوتەنی کاری بەپەلە لاقێکی شەلە، هەست دەکەم پەلەم کردبێت، بیردەکەمەوە کە داوای شتێکم کردووە کە زۆر سەرکردەی سیاسی کورد بە محاڵ و خەونی گەورەیان زانیوە. ئاخۆ دەبیٚ ئەوان چۆنیان لێکدابێتەوە کە ڕاستەوخۆ و لە میانەی شۆڕشی نەتەوەیی و چینایەتی کورد دا لە جیاتی موژدەی سەرکەوتن و بە دەوڵەتبوون خۆیان بە سارد و سڕی و بە ڕاشکاوی ڕایانگەیاندووە کە ئەم نەتەوەیە شۆڕشگێڕە و بەڵام شۆڕشگێڕانی ناتوانن گەلەکەیان بگەیێنن بە دەوڵەتی سەربەخۆ.

ئەم پرسیارە و دەیان پرسیاری دیکە بەشێکن لە ڕاپرسییەک کە دەمهەوێت بزانم چۆن و بە کام هۆکار شاخەوانانی لووتکەی کوردایەتی و ڕواچییەکانی مەیدانی سیاسەتی کوردیی ناتوانن بگەنە لوتکەی نەتەوەیی و نە نێچیرەکەشیان بە بیٚ پچرپچر کراوی بگەیێنە ماڵی بە دەوڵەتبوون.

لە دوای شۆڕشی مەزنی پێشوا قازی محەممەد و دامەزراندنی کۆماری کوردستان و جوانمەرگ کردنی کۆمار لە لایەن داگیرکەری عەجم و سیخوڕیی و ئاشبەتاڵی بەشێک لە سەرۆک خێڵ و عەشیرەی موکریان لە دژی پێشەوای نەمر، مەیدانی خەبات و بەربەرەکانیٚ چۆڵ نەکرا و لە باشووری کوردستانیش بە دووری ساڵانێک دەسەڵاتێکی نیمچە سەربەخۆ دامەزرا.

ئێستا کە زیاتر لە دوو دەیە لە حوکمڕانی حیزبی عەشاییری و دامەزراندنی سیستەمێکی بە ناو کوردیی تێپەڕ دەبێت، مخابن نەک هەر لە دەوڵەت ناچێت، بەڵکوو بە هەر پێوانەک بی پێوین ناتواندرێت لە ئاست دامەزراوەکانی کۆماری کوردستان بەو تەمەنە کورتەشەوە لە یەک پێگەدا خۆیان ببیننەوە.

دەسەڵاتی قەیراناوی کورد لە باشووری کوردستان وەک سەرێکی زل بە سەر جەستەیەکی لاوازەوە خۆی بەند کردووە و بە ماچی پیرێژنێک لە چەشنی مارەکەی سەر شانی زووحاک سەریهەڵداوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ داوای خواردنی مێشکی زیاتری گەنجانی کورد دەکات و تەنیا گەل ئاواتیان دەرکەوتنی کاوە و چەکوشەکەیەتی کە دایناپڵۆسیٚ و ڕایانماڵیٚ بۆ سنووری ئەو وەڵاتانەی بە دەیان جار خۆیان تێدا حەشار دا و لەوێندەرەوە گەڕانەوە بۆ گیانی نەتەوەکەیان و لێیان بوونەوە بە شۆڕشگێڕ.

لە دوای شەڕی داعش و قەیرانی بوودجە و کەم و کورتی لە خزمەتکردنی هاوڵاتیان و لەوەها کات و ساتێکدا کە بەشێک لە نیشتمانی کورد پێویستی بە برایەتی و پلان و ڕاوێژی ڕێک و پێک هەیە بۆ دەرچوون لەم هەموو نەهامەتیە، کەچی بەداخەوە نە تەنیا هیچ شتێکی وا لە ئارادا نیە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان خراپتر دەبێت، حیزبەکان لە دزی و بە تاڵانبردنی سامان و بوودجە و شەڕی مافیایی خۆیان ماندوو نەبوون و گەلیش لەوپەڕی هەناسە ساردی و بێ خزمەتیدا دەنگی دەگاتە تەشقی ئاسمان.

لە لایەک دەڵێن بوودجە نیە و لە لایەکی ترەوە هەر ڕۆژە و لە سایەی دەسەڵاتی حیزبی ـ عەشاییری دا دەیان میدیا و تەلەویزیۆنی ئاسمانی وەک قارچک سەر دەردێنن. کەس نیە بڵێت لە کوێ و بە کام پارە و سامان ئەمانە درووست بوون!

لە هەمووی خراپتر دەوری نێگاتیڤ و سلبی ئەم ڕاگەیاندنە حیزبیانەیە کە لە جیاتی بۆ خزمەت بە گەل بێت و ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی خواستەکانیان بێت، بوونەتە کەناڵی ڕیکلام و دەرخستنی سۆز و عاتیفەی جنس و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕووداوی سێکسی لە جیهان و ناوچەکە و وەک ئەوەی لە کوردستان مێشێک میوانیان نەبێت.

ئەوندەی پڕوپاگەندە بۆ درووست بوونی دەوڵەتی کوردیی دەکرێت بە سەدان ئەوندە هەواڵ و شیکردنەوەکانیان بۆ ورووژاندنی هەستی سێکسی و بەلارێدا بردنی خەیاڵی جەماوەری کوردستانە بۆ مەبەست و شوێنێک کە پێویستی گرینگی خەڵکی نیە.

هیچ گومانێک لەوەدا نیە کە حیزبی عەشاییری کورد لەم بەشە لە کوردستان ئەوندەیان ڕاوێژکاری بیانی و سیاسەتمەدار بە پارەی نەوت و سامانی خەڵکی کورد لای خۆیان دامەزراندووە و بیرە نەوتیان لە سەر تاپۆ کردوون کە لە داڕشتنی فێڵ و پیلانی دزیکردن هاوکارییان بکەن و بزانن چۆن لە ڕێگەی میدیاوە ڕیکلام بۆ ئیدمانی فکریی و جەستەیی بکرێت و بەمجۆرە گەل هەر جارە و بە پاساوێک سەرقاڵ بکەن و خۆشیان لە دیوەخانی عەشاییری خەریکی دابەشکردنی مووچە و معاشی دواخراو و پێنەدراوی هاوڵاتیان بن.

هیوادارم تەنیا بە بینینی ئەم وێنانە کە لە ڕاگەیاندنی حیزبەکانی باشووری کوردستان وەرگیراوە خۆتان لە سەر قەزاوەت بکەن و بزانن حیزبی عەشاییری گیرۆدە بە سێکس لە کوردستان، ئەوندەی خەریکی تێوەگلان بە دزی و ....وەن نیو ئەوندە لە خەیاڵی خواستی ڕاستەقینەی گەل و پێکهاتنی دەوڵەتی کوردی دا نین.

**Xendan**

Jan 2 at 6:40pm •

ئەکتەریکی میسری بە تاوانی لەشفرۆشی سزا دەدرێت



**ئەکتەریکی میسری بە تاوانی لەشفرۆشی سزا دەدرێت**

xendan.org

---

**Xendan**

Jan 2 at 3:25pm • As Sulaymaniyah, Iraq •

مژدین دەگری



**مژدین دەگری**

xendan.org

**Xendan**
Jan 5 at 2:49pm •

مەرجەکانی بۆ شوکردنەوە ئاشکراکرد



**مەرجەکانی بۆ شوکردنەوە ئاشکراکرد**
خەندان-
xendan.org

---

**BasNews** shared a link.
8 hrs •




**بەپەلە.. زانیوتە ئەمشەو 3 ژنی کورد لەناو شار کوژراون؟ وێنەکانیان بە چاوی خۆت ببینە..**
basnews.com

**BasNews** shared a link.
Jan 5 at 9:11pm •



**بەوێنە.. بزانە ماڤی چی بەسەر هاتووە... دوای ئەو هەموو ساڵە جوانییەکەی هەر ماوە؟**

basnews.com

**BasNews** shared a link.
Jan 5 at 3:15pm •



**بەوێنە.. سافیناز لە شەوی سەری ساڵدا لە هۆتێلێکدا چی کردووە؟ چەندی پێ دراوە؟**

basnews.com

**KNNC**
Jan 5 at 6:52am •

ئەساڵە کلیپێکی نوێ بڵاو دەکاتەوە



**ئەساڵە کلیپێکی نوێ بڵاو دەکاتەوە**
KNNC
knnc.net

---

**KNNC**
Jan 2 at 1:33pm •

کچەکە نایەتە سەر خۆی ئەوەندە ترسا...
ئەم شێوازی داواکردنی هاوسەرگیرییە لە رووسیا، زۆربەی ئاژانسەکانی
جیهان کردیان بە هەواڵ...



**بە ڤیدیۆ.. جیاوازترین شێوازی داواکردنی هاوسەرگیری لە هەموو جیهاندا ببینە**
knnc.net

**KNNC**
Jan 2 at 1:27pm •

دایکی دەڵێ:
کچەکەم لە دوای ڕووداوەکە لە حاڵەتێکی زۆر ناخۆشی نەفسیدا ژیان بەڕێ دەکات



**کچە خوێندکارێکی سعودییە ڕووداوێکی زۆر ناخۆش و قورسی بەسەردا دێت**
knnc.net

**Kurdistan24** shared a link.
7 hrs •



**ژنێك چیرۆکی خەتەنەکردن و جیابوونەوەی لە پیاوەکەی دەگێڕێتەوە**
تۆڕی میدیایی کوردستان٢٤ یەکەم تۆڕی میدیای سەربەخۆی کوردستان
kurdistan24.net

**Kurdistan24** shared a link.
Jan 3 at 12:23pm •



**له خەت گرتیی**
kurdistan24.net

**pukmedia web** shared a link.
Jan 4 at 5:38pm •



**بەوێنە .. ژنە شۆخەکانی روسیا بەشداری سەربازیان زیاتر دەبێت**
pukmedia.com

**pukmedia web** shared a link.

Jan 3 at 11:35am • As Sulaymaniyah, Iraq •



**خانمان لەسەر ئەم خاڵانە داوای لێبوردن مەکەن**

pukmedia.com

***